# پەروەردە و تیرۆر

د. ئەحمەد میراودەلی
mirawdaly@hotmail.com

## پێشەکی

دوای دەستگیرکردنی باندەکەی شێخ زانا و ، پەخشکردنی دانپێدانانەکانیان بەو کردارە ئابرووبەر وتیرۆریستانەی ئنجامیانداوە . زۆربەی میدیای کوردستانی وای دەردەبڕێ ، کە ئەمەکارەساتێکی کۆمەڵگا هەژێنە و کۆمەڵگای کوردستانی ڕاچڵەکاندووە و باری دەروونی زۆر کەسێشی شێواندووە !! خراپ نەدەبوو ئەگەر وەهابووایە !! ، دوای هەزارو چوارسەد ساڵ کۆمەڵگاکەمان چاوی هەڵێنایەو بەڕوونی دەوروبەری خۆی بدیتایە .

لێ ئەز وەهای نابینم . کۆمەڵگای کوردستانی چواردە سەدەیە ڕۆژانە بەرەو رووی سەربڕین و هەتککردن دەبێتەوە لە لایەن ڕژێمە داگیرکارەکانیەوە کە هەمووشیان ڕژێمی ئیسلامین . پێش گرووپی شێخ زانا ، لە شاری هەولێر و هەموو بستێکی باشووری کوردستاندا ، ڕۆژانە ڕژێمەکانی عێراق کە دواترینیان ڕژێمی بەعسی عەرەبی بوو ، وەک گرووپەکەی شێخ زانا ڕەفتاریان دەکرد و نەش هەژاین !، لەبەر ئەوەی هەزارو چوارسەد ساڵە بە تیرۆڕی ئیسلام رامدەکرێین .

ڕەخنەو تاوانبارکردنی هەردوو دەسەلاتەکەی هەولێر و سلێمانی بە کەمتەرخەم لە پاراستنی ژیانی هاو ولاتییان . لەشوێنی خۆیاندان و بگرە تاوانبارکردنی هەردوو دەسەلاتەکەش ، بە هۆکارێکی سەرەکی لە سەرهەڵدانی تەونی تیرۆریستی ئیسلامیش ، ڕەوایە . لەبەر ئەوەی چواردە ساڵە ئەوان حکومڕانی کوردستان دەکەن .

لێ مەبەست لەم وتارە دووپاتکردنەوەی تاوانبارکردن و ڕەخنە نییە ، بەڵکو هێوادارم بەشداری لە وەلامی دوو پرسیاری ورووژاودا بکەم کە : یەکەمیان لە ڕێگە چارەی خۆپاراستن لە تیرۆریزم دەپرسێ و دووهەمیشیان لە ، هۆکارەکانی درووستبوونی گرووپی تیرۆریستان ؟

## توندو تیژی لەڕووی زانستەوە

وەک ئاشکرایە ، دوو تیۆری جیاواز و پێچەوانەی یەکدی هەن لەسەرخوێندنەوەی سروشتی مرڤ .

یەکەمیان : مرۆڤ ، وەک ئاژەڵێکی دڕندە پێناسە دەکاو دووهەمیان : بەپێچەوانەوە دەڵێ ، مرۆڤ ، ئاژەڵێکە لە سرووشتەوە سۆشیاڵ دۆستە .

ئەگەر تیۆری یەکەم ڕاست بێ ، ئەوا پەروەردەی تیرۆریست ، زۆر سانایترە لەوەی بیری لێدەکەینەوە . بەلام ئەگەر مرۆڤ لە سرووشتدا سۆشیاڵ دۆست بێ ، ئەوکاتە پەروەردەکردنی تیرۆریست ، کارێکی دژوارە . لێ مرۆڤ لە هەردوو باردا ، ئەگەر سرووشت دڕندە یان سۆشیاڵ دۆست بێت ، جۆری پەروەردە ، کە پەروەردەی ناوخێزان و فێرگە و کۆمەڵگاش دەگرێتەوە ، بەواتایەکی دی" دەوروبەر" کاریگەرە لەسەر هەڵسوکەوتی .

لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ، دوور و درێژخایەن کە " نیورۆفیزیۆلۆجیست" شارەزای ئەعساب و مێشک – جێمس دەبلیو پریسکۆت" لەسەر خوێندکارانی کۆلێجێکی ئەمەریکایی کردوویەتی ، بۆی دەرکەوتووە کە ، پێوەندییەکی گەورە هەیە لە نێوان هەڵسوکەوتی خوێندکاران وکێش و هەوای ئەو خێزانەی تێیدا پەروەردە بوون .

پریسکۆت ؛ بۆی دەرکەوتووە کە ، لەخێزانێکدا هاوسەرەکان هاوکێشی دەربڕینی هەستی خۆشەویستین بۆ یەکدی و منداڵەکانیان و ، هەروەها دایک و باوک هاوبەشی هەڵسوکەوتی ، لەسەرخۆیی و مەندی دەکەن و دژە ستەمن . منداڵەکانیان تاڕادەیەکی زۆر ئەو ڕەفتارانە هەڵدەگرنەوە . بەپێچەوانەشەوە ناتەبایی و دەرنەبڕینی ئەو هەستە لەناو خێزاندا ، نێگاتیڤانە لە نەوەکانیاندا کاردەداتەوە .

بە هەمان شێوە ، پریسکۆت : ئاماری ئەو سەردەمی ئەمەریکا و کەنەدا و ولاتانی ئەورووپای بەکار هێناوە کە ، لە هەمان کێشەیان کۆلیوەتەوە و گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ، هەستنەکردنی منداڵ بە خۆشەویستی دایک وباوک ،

نێگاتیڤانه کاردەکاته سەر هەڵسوکەوتەکانی بەرامبەر یاسا و دابونەریتی کۆمەڵگا و لێیان ، یاخی دەبێ ، وەک: گوێ نەدان بە یاسای چەک قەدەغە کردن ، منداڵ لەباربردن ، ڕووتێتی ، خۆشی بینین لە سێکس ، سێکس کردن پێش هاوسەربوون ، سێکس کردن لە پشت هاوسەرەوە ، مەمک نەدان بە منداڵ ، ڕقبوونەوە لە ژن و ......زۆر شتی تری پێوەندیدار وەک ، بەزۆری خواردنەوەی ئالکۆڵ وابەستە بوون بە ماددە بێهۆشکەرەکان و لەسەرو هەمووشیانەوە چێژ بینین لە جەنگ .

دواتر ، پریسکۆت تاقیکردنەوەکەی گواستۆتەوە سەر ئاستی کۆمەڵگای جیاواز و ، لەئەنجامدا دەڵێ " لەو کۆمەڵگایانەدا کە دەربڕینی هەستی خۆشەویستی هەیە بۆ منداڵ ، وەک قسەی خۆش و لەئامێزگرتن و ڕاگووشین و دەست بەسەروگوێلاکداهێنان ، کۆمەڵگایەکی هێمن و ئاشتی خوازن و ، لەو کۆمەڵگایانەدا ، نموونەیەکی زۆری بەهاو هەڵسوکەوتی جوان بەدی دەکرێت . هەروەها دەڵێ ، هەرکولتوورێ بگرین ، شێوەی دووبارە بوونەوەی هەڵسوکەوت "پاتێرن" بەتەواوی بوون و نەبوونی ئەو خۆشەویستییە دەردەخات" .

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیدا پریسکۆت تابلۆیەکی گەورەی کارەکتەری هەردوو کۆمەڵگای دەربڕو ، دەرنەبڕی خۆشەویستی خستۆتە بەر چاو . ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە کارەکتەری کۆمەڵگای دەرنەبڕی خۆشەویستی کە ، بەڕای منەوە هەموو کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی نێوین دەگرێتەوە . پریسکۆت دەڵێ:

ئەو کۆمەڵگایانە ؛ بەلای باوکدا داداشکێنن ، ئاستی ژن نزمە لە کۆمەڵگاکەیاندا ، ژن کڕین هەیە ، کۆیلەیی هەر بەردەوامە ، باپیر دەسەڵاتی بەسەر باوکدا زاڵە ، خۆبادەدەن بە پلە بەرزی خێزانەکەیانەوە ، منداڵ ئێشوئازاری زۆرە ، منداڵەکانیان زۆر دەگرین و گرووگرن ، زوو منداڵ لە شیر دەبڕنەوە ، منداڵ کە سەرنەکەوێ لەو کارەی پێی سپێردراوە زۆر نائومێد دەبێ ، منداڵ لەباربردن سزای گەورەی لەسەرە ، حەزدەکەن منداڵیان زۆربێ ، سێکس پێش شوکردن سزای گەورەی لەسەرە ، ژن لەسەر شەرفمەندی دەکوژرێن ، نێرجسێتی زۆرە ، لەکاتی سەماکردندا "هەڵپەڕکێ" زۆر خۆدەردەخەن ، شەڕخوازی لەناو گەورەکاندا "پێگەیشتووەکان" ڕێژەی بەرزە ، کوشتن و ئازاردان و ئەندام برینەوە زۆرە ، دزی و پیاوکوشتن زۆرە ، سەرکەوتن لەشەڕدا جێگەی **شادمانییە ، دادگەری بەدەست** دەسەڵاتدارەوەیە ، خواوەندەکانیان توندوتیژن ، ترسی خودا لە هەموو ترسێکی دیکە گەورەترە ، ڕێژەی بڕوادار بەخودا بەرزە ، هەڵسوکەوتی ئاینی بەهێزە ، جادووگەری زۆرە ، پیشەی ئاینی" مەلا ، قەشە ، ڕابای" کاری ڕۆژانەی تەواوی بۆ تەرخان کراوە .

خەسڵەت و کارێکتەرەکانی تاکەکەس و کۆمەڵگا کە ، پریسکۆت لێیان گەیشتووە بە ئەنجام ، بەبڕوای من ئاوێنەیەکی تەواوی کۆمەڵگاو ڕێژەیەکی بەرزی کەسایەتی ڕۆژهەڵاتی نێوین و کوردستانە . ئەوەی شێخ زانا و گرووپەکەی کردوویانە ، لە کوشتن و پارچەپارچەکردن و بەکارهێنانی ئالکۆڵ و ماددەی سڕکەر و سێکس و.....هتد ، بەدەرنییە لەوەی پریسکۆت باسی لێوەکردووە . لێ لێکۆڵینەوەکەی پریسکۆت تەنها باسی کاریگەری دەربڕین و دەرنەبڕینی هەستی خۆشەویستی دەکاو خۆی نەداوە لە هۆی دەرنەبڕینی ئەو هەستە مرۆڤانەیە .

## ئاین و تیرۆر

بێ گومان دەرنەبڕینی هەستی خۆشەویستی لە خێزاندا بۆ یەکدی و نزیکی دایک و باوک لەیەکدی و لەمنداڵەکانیانەوە ، تا ڕاددەیەکی زۆر پێوەندیدارە بەداب و نەریتی نەگۆڕی ئاینەوە کە ، ڕێگە بە دەربڕینی ئەو هەستە نادات . ئاینی ئیسلام ، بە بەراوردکردن ، لەگەڵ ئەو ئاینانەی کە بە ئاینی ئاسمانی ناسراون ، تەنها ئاینە کە ، بە پڕاکتیک لەدەربڕینی ئەو هەستەدا ، بەربەستە ، ئاینەکە تابووی ، لەسەر نزیکبوونەوەی نێر و مێ لەیەکدی داناوە ، لەکاتێکدا کە پشتگیری لە هاوسەرێتی دەکا ، کەچی پەیوەندی سێکسی نێوان ژن و مێردیش ، وەک تاوانێکی قێزەوەن و پیس سەیردەکا کە دوای جوتبوون ، بە ئایەتی قورئان نەبێ ، لەشیان ، سابوون و ئاو پاکی ناکاتەوە .

کاتێک هاوسەر نەتوانن دەست لەدەستی یەکدی بدەن و یەکدی ڕاگوشن و هەستی خۆشەویستی بۆ یەکدی دەربڕن . لەبەر ئەوەی دەسنوێژیان دەشکێ ، ژن و مێرد هێندە لە خۆشویستنی یەکدی دوور دەخاتەوە کە ، ئەو سێکسەی دەیکەن دەکەوێتە ئاستی جووتبوونی دوو ئاژەڵەوە و ، منداڵەکانیشیان فێری دەربڕینی هەستی خۆشەویستی نابن و هێمنی و تەبایی نێو خێزان تێکدەچێ .

مێژوو بۆمانی دەرخستووە کە ، جولەکایتی و مەسیحایتیش ، تیرۆرکاریان کردووە ، بۆ نموونەش لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ، هەزاران بێ تاوان لە ئەوروپا ، بەناوی جادووگەرییەوە بە بڕیاری کڵێسەکان سوتێندران ، وەلی ئیسلام لە هەموو ئاینەکان تیژرەوترە . بەبێ شیتەڵکردنەوەی ئایەتەکانی قورئان . هەرکەسێک عارەبی بزانێ و بەسادەیی لە ئایەتەکانی قورئان بڕوانێ ، بۆی دەردەکەوێ کە ئەگەر لە ئایەتێکدا بڵێ "أللاه غفور رحیم" لە دە ئایەتدا دەڵێ " ان أللاه شدید العقاب" ، وەک پریسکۆت دەڵێ خوایەکی توندوتیژ .

مەلاکانی کورد ، وەک مەلای هەر وڵاتێک ، هەرکات بیانەوێ بۆ بەرژەوەندی خۆیان ، ڕەش دەکەنە سپی و سپیش دەکەنە ڕەش . مەلاکان زۆر بەباشی دەزانن ، ئەگەر لەسەر ئاستی لۆجیک و زانست داکۆکی لە ئیسلام بکەن ، هەتا زووترکاریکی دی بۆخۆیان بدۆزنەوە درەنگە . بۆیەشە بە هەرشێوەیەک بێت ، پاساو بۆ بڕگەکانی قورئان و شەریعەی ئیسلامی دەهێننەوە .

مێژووی ئیسلام لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە ، ئێستاشی پێوەبێ ، پرە لە خوێن ڕشتن و تیرۆر .

با چەند پرسیارێک لەخۆمان بکەین ، نەک لەمەلاکان ، چونکە وەک لەپێشەوە باسم کرد ئەوان ڕەش و سپی بە ئارەزووی خۆیان دەگۆڕن و ، ئایەتەکانی قورئان وەک چەرخوفەلەک دهێنن و دەبەن . پرسیارەکانیش ئەمانەن .

چەند خەلیفەی ئیسلام کە ئەسحابی ڕەسوول بوون بەئاسایی مردن و تیرۆر نەکران ؟

ئەو ئەسحابانەی ڕەسوول بەدەستی کێ تیرۆر کران ..؟

کێ کورەکانی ئیمامی عەلی تیرۆر کرد .. .. ئیسلام یان زەندیق و جوولەکە ..؟

حەسەنی سەباح و موریدەکانی کە ، لەمێژوودا ناسراون بە "حەششاشین" و وشەی "ئەساسین" ی ئینگلیزی کە ، مانای پیاوکوژ دەگرێتەوە ، لەناوی ئەوانەوە وەرگیراوە و بۆ زێتر لە پێنج سەدە ، لە هەموو وڵاتانی ئیسلامدا و گوایە لەپێناو چەسپاندنی ڕێگەی ڕاستی ئیسلامدا ، تیرۆری میر و دەسەڵاتدارانی سوڵتانەکانی دەکرد ، هەتا هێرشی مەغۆل لەناوی بردن ، کێ بوون ، ئیسلام یا غەیرەدین؟

بێگومان ، ئێمە خۆمان دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە . لەبەر ئەوەی بەکورتی وەڵامی مەلاکان ئەوەدەبێ کە ، ئەوانە ئیسلام نین .

لەڕاستیدا ئیسلام کە ، لەپزدانی کۆمەڵگای عارەبی جاهیلی یەوە هاتۆتە دەرێ ، نەک هەر هەوڵی نەداوە خۆی لە دابونەریتە سەقەتەکەی ئەو کۆمەڵگا دواکەوتووە پڕ زەبروزۆنگە ، ڕزگار بکات ، بەڵکو ڕاشیگوێزاوەتەوە ناو کۆمەڵگا بەئیسلام کراوەکان .

## ئیسلام و تیرۆری سەردەم ؛

بێرنارد لویس : مێژووناسی ڕۆژهەڵاتی نێوین دەڵێ ، پیلانە داڕێژراوەکەی یازدەی سێبتێمبەری دووهەزار و یەک ، لاپەڕەیەکی نوێی لە ، نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوادا کردەوە ، بەلای زووربەی ڕۆژئاواییەکانەوە ، ئەمە تاوانێک بوو بەرامبەر بە مرۆڤایەتی . شەڕکردنی ئەوانەش ، شەڕە دژی تیرۆر . بۆیە ، سەرۆکی ئەمەریکی "بوش" پێش هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ڕژێمی تاڵەبان لە ئەفگانستان ، لە وتارەکەیدا وتی ، ئەمە شەڕی ئیسلام و موسوڵمانان نییە . وادیارە زووربەی ڕۆژئاواییەکان ، بەشداری ئەو بۆچوونە بوون ، لێ لە دیدی بەشێک لە ڕۆژئاواییاندا ، ئەوە شەڕی نێوان دونیای مەسیحایەتی و ئیسلامە .گومان لەوەدا نییە کە ئەمە بۆچوونی "ئوسامە بن لادن"بوو . ئوسامە لە مانگی فێبرواری ساڵی 1998 دا ، بەناوی دونیای ئیسلامەوە فەتوای "جیهاد"ی دا ، دژی کافران . لە فەتواکەیدا ڕونی کردەوە کە مەبەستی تەنها جیهادی مۆراڵی نییە ، بەڵکو مەبەستی جیهادی کلاسیکی و تراديسيۆناڵییە . بە واتای شەڕی پیرۆز ، دژی هەموو بێ بڕوایان و مورتەدەکان . لەم فەتوایەدا " بن لادن" داوای کوشتنی ئەمەریکایی و هاوپەیمانەکانی ، لەموسوڵمانان کرد . بەلای ئوسامەو دەوروبەرە نزیکەکەیەوە ، بەرەنگاربوونەوەی ئەمەریکا لە وڵاتە عەرەبییەکاندا ، پێش هەموو شتێکیتر دێت ، هەر لەو فەتوایەشدا ئامێژەی بۆ شەڕی ساڵی 1991ی ئەمەریکا دژی عێراق کردبوو . بڕوانە لاپەڕەی( 163 و164)کتێبەکەی بێرنارد لویس

WHAT WENT WRONG?

بەپێی تیۆلۆجیای ئیسلام " بابە ئادەم و دایە حەوا" خولا بە موسوڵمانی دروستی کردوون . هەموو پەیام هەڵگرانیش ، بە موسا و عیساشەوە ، ئیسلام بوون ، لێ مرۆڤ لەئیسلامەتی لایداوە و خولا "موحەممەدی" کردۆتە دوایین پەیامبەر بۆ گێڕانەوەی مرۆڤ بۆسەر ڕێگای ڕاستی ئیسلام .
نابێ ئەوەمان لەبیرچێ کە ، ڕەگەزپەرستانی عەرەب و ئیسلام ، لە وەڵامی پرسیارێکدا یەکدەگرنەوە پرسیارەکەش ئەوەیە ، کە دونیای ئیسلامی ، گەورەترین و بەهێزترین دەسەڵاتی سەر زەمین بوو ، وەک بێرنارد لویس دەڵێ ، ئێستا ئەو پرسیارەدەکەن" چی بە هەڵە ڕۆچوو" کە ئاوا سووک و ڕیسوا بوون ؟)) . بەلای ئیسلامەوە ، شەیتانە گەورەکەی ڕۆژئاوا و هاوپیمانەکانی هۆکارن . ئەورۆ کوردیش هاوپەیمانی ئەو شەیتانە گەورەیە .
بە بۆچوونی من ، دابینکردنی نێوچەی " نۆفلای زۆن" بۆ کورد و پاراستنی لەلایەن ڕۆژئاواوە ، ڕۆڵی جاشایەتی کلاسیکی نەهێشت و ، جاش ئیسلام وەک جێگری جاشی کلاسیک ، خرایە کار .
ئەمەی لەسەرەوە باسم کرد ، بەشدارییەک بوو لە ڕۆشنایی خستنە سەر هۆکاری سەرهەڵدانی گرووپی تێرۆریستان لە کوردستاندا . لێ دەبێ وەڵامی پرسیارەکەی تریش بدەینەوە .

## خۆپاراستن لە تێرۆر

پێش ئەوەی بیر لە ڕێچکەکانیی خۆپاراستن لەتێرۆر بکەینەوە ، دەبێ جۆری کارە تێرۆرەکە دەستنێشان بکرێت . ئایا نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە ، وەک کوشتن لەسەر شەرەفمەندی ، یان کاردانەوە و هەڵوێستی بۆچوونێکی ڕامیارییە ؟ و وەڵامێکیشمان بۆ پرسیاری ، "ئایا ڕێگەی خۆپاراستن هەیە لەتێرۆر؟" هەبێت . ڕەنگە زۆرکەس لەوبڕوایەدابن کە کردەوەی تێرۆریستی هەرەسی پێنابرێ ، لێ من لەو بڕوایەدانیم . تێرۆریزم وەک هەر دیاردەیەکی ، سۆشیالی یان ڕامیاری ، هۆکاریی تایبەت بەخۆی هەیە ، هەرکاتێکیش ئەو هۆکارانە ، بنبەست یان سارێژ کران ، ئێوارەی بەسەرردادێ و لە ئاسۆ ئاوا دەبێ . ئەگەر تێرۆرەکەی گرووپی شێخ زانا ، وەک کوشتنی ژنان لەسەر شەرەفمەندی ، گرفتێکی کۆمەڵایەتی وکولتووری بایە ، دەشیا لەڕێگەی یاساو بەرنامەی ڕۆشنبیرییەوە مامەلەی لەتەکدا بکرێ . وەلی کردارەکەی شێخ زانا و گرپەکەی ، بەرگی ڕامیاری لەبەردایە ، لەبەر ئەوەش خۆپاراستنی کورد لە تێرۆر ، لەیەک بڕیاری ڕامیاری گەورەو چاونەترسانەدایە ، ئەویش بڕیاری دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆیە کە سیستێمێکی عەلمانی بیباتە ڕێوە . لە قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردیدا نەبێ ، سنوور بۆ مزگەوت و مەلا دانانرێت ، کە مەرجێکی سەرەکی و پێویستی کۆمەڵگایەکی شارستان و ئاشتی خوازە و ، کولتوور و پەروەردەی سەقەتی دژە مرۆڤ و شانازی بە کرداری سەرکردەی ئیسلامی وەک ، قوتەیبە و تاریق و خالید ، لە سەربڕین وتالانی و بەکۆیلەکردنی مرۆڤ ، هەر پیرۆزدەمێنێ و بەشیک دەبێ لەوانەی مێژوو لە فێرگەکاندا و مەلاشووی منداڵی پێ هەڵدەدرێتەوە . خۆپاراستن لە تێرۆر پرۆگرامێکی زانستانەی هەمیشەیی پەروەردەی گەرەکە کە ، بتوانێ پێچ بەوکولتوورە سەقەتە بکاتەوە ، تەنها بەسنووردانان بۆ مەلاو داخستنی مزگەوت ناکرێ ، خۆ ئەتا تورک هەموو مزگەوتەکانی داخست ، دەفەرموون بڕوانن ئەورۆ لە تورکیا کێ لەسەر حوکمە .
کولتووری ولاتانی عەلمانی ڕۆژئاوا دەڵێ ، لە گیروگرفتەکانت ڕامەکە ، چونکە وەدووت دەکەون و لەکۆڵت نابنەوە ، بەرەنگاربوونەوەیان ، تەنها ڕێگە چارەیە . ئەورۆ ، کە عارەب ڕژێمێکی سێنتراڵی بەهێزی لە بەغدا نەماوە کە بتوانێ بە تۆپ و تانک ، هێرش بەرێتە سەر گەلی کوردستان ، جاش ئیسلامی بەرداوەتە وێزەی خەڵکەکەی . بێ هوودەیە زوڕناو باڵۆرەی کۆنی (برایەتی کورد و عەرەب و مێژووی درێژی هاوبەش) . دەبا بشپرسین ، ئایا مێژووی هاوبەش هێندە پرشنگدارە دەستبەرداری نەبین ؟ .

## سەرچاوەکان


1- WHAT WENT WRONG? By. Bernard Lewis 2002
2-Taking Sides By Robert T. Francoeur
3- Body pleasure and the origin of violence. By. James W. Prescott. 1977
4- The Assassins. A Radical sect in Islam. By. Bernard Lewis 2003


کەنەدا 2005/08/01